سەماحەتی حەکیم لەسلەمانی چاوی بە سەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوت و گرنگی سەقامگیری هەرەم و یەکگرتنی نیشتمانی دووپات کردەوە

لەچوارچێوەی سەردانەکەی بە شاری سلەمانی ، بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانیتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز بافل تاڵەبانی سەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەم دیدارەش کە چەند ئێندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئامادەبوون سەماحەتی پیرەزبایی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی هەرەمی کوردستانی لەکردن و دووپاتی کردەوە کە دەبێت ئەوە تێشکدانەوەی ئەرێنی هەبێت لەسەر سروشتی هەرەم و پێشخستنی بەشیوەیەك کە خزمەتی هەموو لایەك بکات.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی یەکلایی کردنەوەی هەڵبژاردنی حکومەتێکی کوردی بەشێوەیەکی بەپەلە کە بەحەرەك بێت سەقامگیری سیاسی پتەوتر بکات و پاڵپشتی کاروانی گەشەپێدانی کوردستانیش بێت.

لەلایەکی دیکەوە سەماحەتی حەکیم ئاماژەی کرد کە گرنگە سەقامگیری بەدی هاتوو لە عێراق بەشێوەیەکی گشتی پارێزراو بێت و ئاگاداری ئەو پێشهاتە هەرەمییەی ئێستا ببین بەتایبەتی لە سووریا، دووپاتیشی کردەوە کە بەردەوام لە ئامادەباشی بن لە ڕووی ئەمنی و سەربازی بە هەر ئەگەرێك یان کابرایەك ڕووبدات، هەروەها جگە لەوەش بە پێویستی زانی دەست بە یەکگرتن نیشتمانی عیراقی بگیرێت.

هەروەها جەختی کردەوە کە پێویستە گوتاری سیاسی و میدیایی کۆنترۆل بکرێت بە مەرجەك سەقامگیری نەوخەیی پتەو بکات و هیچ هەوڵێك بە جیاکردنەوەی ڕیزەکانی نیشتمانی نەدرێت.